یوهان گۆتفرید هێردێر
حەسەن ئەیوبزادە کردوویە بە کوردی

# دادپرسی  بە شێوەی  ئەفریقایی

ئەسکەندەری*مەکەدۆنی(مقدونی) رۆژگارێک رێی کەوتە وڵاتێکی بەپیت و بەرەکەتی دورە– دەست لە ئەفریقا. دانیشتوانی ئەو وڵاتە بەپێشوازییەوە چوون.  دەفری پر لە سێوی زێرین و میوەی رەنگاورەنگیان بۆبرد. فەرموویان کردێ:" لەلای ئێوەش ئەو میوەیلە دەخۆن؟" ئەسکەندەر گوتی :" نە هاتوومە ئێرە سامانتان ببینم،  هاتوم شارەزای رەسم و یاساتان بم." خەڵکەکە کە ئەوەیان بیست  ئەسکەندەریان بەرەو ئەو بازارە برد کە پاشاکەیان لەوێ دادی دەپرسی.
کاتێ ئاپۆرە و ئەسکەندەر گەیشتنە ئەو شوێنە، هاووڵاتییەک خەریک بوو دەچووە بەرەوە و لەبەردەم پاشا بەم جۆرەئاخفی:" پاشام! رەشکەکایەکم لەم پیاوە کڕی. لە و رەشکەکایەدا پارچە گەوهەرێکی گرانباییم  تێدا دۆزیەوە. کایەکە هی منە بەڵام ئاڵتونەکە هی من نییە و ئەو پیاوەش نایەوێ وەریگرێتەوە. تکایە حوکمی لێبکە لێموەربگرێتەوە ، چونکە زێڕەکە هی ئەوە."
لایەنەکەی دیکەش کە خەڵکی ئەو شوێنە بوو ئا بەم جۆرە وڵامی دایەوە:" تۆ لەوە دەترسی کە نەکا ناهەقییەک بکەی ، ئەی منیش نابی بترسم  کە تشتێکی ئەوتۆ لە تۆ قبووڵ بکەم ؟ من ئەو رەشکە کایە و ئەوەی تێیدا بووە  بە تۆم فرۆشتووە. ئەوەی لە گەڵ ئەو کایەو  لەو رەشکەیەدا بووە هی تۆیە.  پاشام ! تکایە حوکمی لێبکە ئەو زێرە لۆ خۆی راگرێ!."
پاشا رووی کردە  کەسی یەکەمیان و لێی پرسی  ئاخۆ کوڕی هەیە. کابرا وەڵامی دایەوە:
 " بەڵی " . پاشا روی کردە کەسەکەی دیکە و لێی پرسی ئاخۆ  کچی هەیە. کابراش وەلامی پاشای دایەوە کە هەیەتی. پاشا پێحەسیا و روی تێکردن وگوتی" ئێوە کەسانێکی دروستکار وجوامێرن. کوڕو کیژتان لێکتر مارەبکەن و ئەو سامانە دۆزراوەیەش بو ئەوان بکەنە خەرجی زەماوەندیان. ئەوە حوکمی منە و بڕایەوە."
ئەسکەندەر لە بیستنی ئەو بریارە سەری سوڕما. پاشای ئەو دووره وڵاتە وەدەنگ هات و گوتی" ئایا من لەو داوەرییە دا هەڵەم کردکە تۆ " سەرت لێی سوڕما؟"– ئەسکەندەر وەڵامی دایەوە و گوتی "هەرگیز". بەلام لە وڵاتانی  ئێمەدا  بە جۆرێکی دیکە حوکم دەدرێ" – پاشا ئەفریقییەکە پرسی: چۆن حوکم دەدرێ؟   ئەسکەندەر گوتی:" هەر دوو لایەنی کێشەکە" داواکەیان دەدۆرێنن و زێڕەکە دەبێتە ماڵی پاشا."
ئا لێرەدا پاشا ئەفریقییەکە دەستەکانی پێکداکێشان و وەقسە هات:" ئاخۆ لەولاتی ئێوەش خۆرەتاو دەدرەوشێ و ئاسمان بارانی بەسەردا دەبارێنێ؟ " ئەسکەندەر: " بەڵێ" –
پاشا لەبەر خۆیەوە  گوتی: بەڵێ " دەبێ وابێ" لەو وڵاتەی ئێوە لەبەر خاتری  ئەوان بوونەوەری بەلەنگاز کە لەوێ دەژین، خۆرەتاو دەبێ بدرەوشێ و بارانیش لێی ببارێ، دەنابۆ ئەو جۆرە مرۆڤە نە خۆرەتاو  دەبوو بدرەوشێ و نە بارانیش ببارێ." تەواو.

* دادوەریی: دادرەسیی، دادپرسی، حوکم کردن لەسەر کێشەیەکی ماڵیی و کردەوەیەکی تاوانبارانە، بە هاناوەچوون، شکات پرسین (ە،ب) ف: قضاوت .

Alexander III (late July, 356 BC–June 10, 323 BC), commonly known in the West as Alexander the Great or Alexander of Macedon, in Greek **Μέγας Ἀλέξανδρος** (*Megas Alexandros*), King of Macedon (336 BC–323 BC), was one of the most successful ...

**ئەلکساندرسێهەم( ئەسکەندەر) ( مانگی جولای 356 بەرلە عیسا هاتووەتە سەر ئەم جیهانە و تا 10 جون سالی323 ژیاوە.) بە ئەلکساندری گەورە یان ماچێدۆن ناودێرە. ئەسکەندەر، الکساندر، ( اسکندر مقدونی) فارسان بە ئەسکەندەری(گجستە) واتە مەلعون و رەجمکراو و گوناهبار ناوی ماتسێدۆنیە دەبەن. ئەو شەرسالارە خەڵکی وڵاتی ماکادۆنیا ، ماسادۆنیا ماچێدۆنیە بوو.**

**ئەو وڵاتە لەمەوبەر بەشێک لە یوگوسلاوی بوو. دەوڵەتی یۆنانیش ئەو خاکەی بە بەشێک لە یۆنان دەزانی. ئێستا وڵاتێکی سەربەخۆیە.**

**ئەسکەندەر هەر ئەو کەسەیە کە لە قورئاندا بە "ذوالقرنین" واتە خاوەنی دووشاخ ناوبردراوە. وێنەی ئەسکەندەر بە روویەکی سکەکەیەوە بووە. شاخی گای متفەرک و پیرۆزی میسرییەکانیش زینەتی نیگارەکە بووە. لەبەر ئەوە بە اسکندر "ذوالقرنین" بەناوبانگ بووە.**
**ئەسکەندەر هێرشی کردە سەر ئێران و داگیری کردو داریوشی هەخامەنشی تێکشکاندو تەختی جەمشیدی ئاگرتێبەردا(.330 بەر لە عیسا).**
**لە پاکستان بە ئەسکەندەری مەزن ناسراوە. خەڵکی ئاسایی ئەوکەسە بە موسوڵمان و پێغەمبەر دەزانن کە بەدوای ئاوی حەیاتدا گەڕاوە و زۆر ئەفسانەی دیکەیان بۆ سازکردووە. ئەسکەندەرنامەش کتێبی داستانی شەرەکانی ئەسکەندەرە و بە فارسی نووسراوە. سەردەمانی زوو وەکو شانامەی فیردەوسی تووسی ، لە دیوەخانی ئاغاوەتان و لە چایخانەی شاراندا لەلایەن بەیتوێژانەوە بەنگی بەرز بۆ خەڵک دەخوێندرایەوە و زۆریش باوبوو. ئەسکەندەرنامە و شانامەی فیردەسی لە تەرازوی مێژوودا هاوسەنگن.**
**دەفر: جێگەی شتتێکردن، ئامرازێک کە شتی تێکەن، وشەیەکی گشتییە وەکو هەوڕ و قاپ و قاچاخ و حاجەت ، کاشی، پیاڵە بۆ خواردنەوەی شەراو. دەفری مەی باوە.**
**کیژ: قز، کچ ، دۆت، کنیچە.**
**رەشکەکا: دەفری گەوچن بۆ کاکێشان، تۆڕیکاکێشان (هەمبانە بۆرینە) .**
**دادوەر: حاکم، قازی، داوەر، ف: قاضی**

|

Johann Gottfried Herder

Der afrikanische Rechtsspruch

Alexander aus Mazedonien kam einst in eine entlegne goldreiche Provinz von Afrika; die Einwohner gingen ihm entgegen und brachten ihm Schalen dar, voll goldner Äpfel und Früchte. «Esset ihr diese Früchte bei euch?» sprach Alexander; «ich bin nicht gekommen, eure Reichtümer zu sehen, sondern von euren Sitten zu lernen.» Da führeten sie ihn auf den Markt, wo ihr König Gericht hielt.

Eben trat ein Bürger vor und sprach: «Ich kaufte, o König, von diesem Manne einen Sack voll Spreu und habe einen ansehnlichen Schatz in ihm gefunden. Die Spreu ist mein, aber nicht das Gold; und dieser Mann will es nicht wiedernehmen. Sprich ihm zu, o König, denn es ist das Seine.»

Und sein Gegner, auch ein Bürger des Orts, antwortete: «Du fürchtest dich, etwas Unrechtes zu behalten; und ich sollte mich nicht fürchten, ein solches von dir zu nehmen? Ich habe dir den Sack verkauft, nebst allem, was drinnen ist; behalte das Deine. Sprich ihm zu, o König.»

Der König fragte den ersten, ob er einen Sohn habe. Er antwortete: «Ja.» Er fragte den andern, ob er eine Tochter habe, und bekam ja zur Antwort. «Wohlan», sprach der König, «ihr seid beide rechtschaffene Leute: Verheiratet eure Kinder untereinander und gebet ihnen den gefundenen Schatz zur Hochzeitgabe; das ist meine Entscheidung.»

Alexander erstaunte, da er diesen Ausspruch hörte. «Habe ich unrecht gerichtet», sprach der König des fernen Landes, «daß du also erstaunest?» – «Mitnichten», antwortete Alexander, «aber in unserm Lande würde man anders richten.» – «Und wie denn?» fragte der afrikanische König. «Beide Streitende», sprach Alexander, «verlören ihre Häupter, und der Schatz käme in die Hände des Königes.»

Da schlug der König die Hände zusammen und sprach: «Scheinet denn bei euch auch die Sonne, und läßt der Himmel noch auf euch regnen?» Alexander antwortete: «Ja.» – «So muß es», fuhr er fort, «der unschuldigen Tiere wegen

sein, die in eurem Lande leben; denn **ü**ber solche Menschen sollte keine Sonne scheinen, kein Himmel regnen.»